# وەزع زۆر خەتەرە

سمکۆ عەبدولکەریم

سەرەتای دوای راپەرین بارودۆخی سیاسی  زۆر ناهەموارو ناسەقامگیر بوو ، بەتایبەتی بارودۆخە ئابووریەکە، برادەرانی کۆمەنیست و حیزبی شیوعی دەهاتن و دەچوون دەیانگووت مانگێکی تر ئاوها بێت خەڵك دەڕژێتەسەر جادەی ،( ئەمنیش دەمگووت فشەیە کەس نایەتە سەر جادەی) ووتووێژی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە گەڵ (میری) بەرەو نائومێدی دەچوو ، سامی عەبدولڕەحمانی رەحمەتی کە ئەو کات پارتی گەل مابوو لە کۆڕێکی جەماوەری لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر گووتی : وەزعەکە زۆر خەتەرە، دەبێ هەرچی زووە بیر لە دەروازەیەك بکەینەوە ، زۆر لە برادەران ئەو قسەی ئەویان بەگوێدا چوو بوو دەیانگووت فعلەن وەزعەکە خەتەرە ، من هەر گەشبین بووم ،ساڵی 1994 بوو برادەرێکی کۆمەنیست بەپەلەپرۆزێ خۆی خزاندە نێو گفتوگۆ بازنەیەکەی فلکەی چەپ و گووتی: وەزع زۆر خەتەرەو (ئیرەجی ئازەرین) لە تورکیایە، شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردو هەلێر گیراو 31 ی ئاب رویداو لێبوردن دەرکراو، ئەوەی نەدەبوایە روویدات روویدا قادر چوارپارچەی هاوڕێم گووتی : هەموو شتێك تەواو ئەمجارەش کورد کورتی هێنا، منیش دەمگووت هیچ نییە فشەیە ، ماوەیەکە چاودێرانی سیاسی وای بۆ دەچن کە ئەمجارە وەزعەکە زۆر خەتەرە ، خەتەریاتەکەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە و دەڵێن باروودۆخی ناوخۆی یەکێتی بەهۆی ئەو تەکەتولاتەی هەیە روو لە ئالۆزییە ، یەکگرتوو هەڕەشەی دەرچوون لە هاوپەیمانیەتیەکەی بەغدا دەکات لە بەر ئەوەی پارتی و یەکێتی وەزارەتەکەی ئەویان بەخشیوەتە برا سوونەکان ، وەزعی پارتی لەوە خراپتر نابێ تۆڕی ئیرهاب لەناو جەرگەیدا  گەرای داناوە ، پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر قانون و دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم  باش نییە، سەرۆ قادر دەڵێ: (پارتی موستەحیلە بهێڵێ فێڵی لێبکرێ، ئەوراقی بەهێزیشی لە دەست دایە و بەکاریشی دەهێنێ، کاتێکیش بەکاری هێنا روحم بە هیچ لایەنێك ناکات، و بە بەرچاوی خەلکەوە رایئەکێشێت ) ، محەمەدی مەلا قادریش دەڵێ : (برادەرانی یەکێتی پێناچێ زۆر تەبابن هەریەکەیان دێن قسەیەك دەکەن ، وەك ئێمە نین یەك قسەبن، بۆیە بە تەسەوڕاتی من دەستێك هەیە لە پشتەوە دەیەوێ ئەمە تێکدا) هەموو ئەمانەلە دوای ئەوتەقینەوە گەوریە دەگووترێ  کە لە دوای یەکی شوبات گەورەترین تەقینەوەیە  کە لە بەردەم بارەگای هێزی ناوخۆی پارتی روویداو، نزیکەی 50 گەنجی جوان کە بۆ دامەزراندن لە سلکی پۆلیس لەو شوێنە کۆبونەوە دەبنە قوربانی و بە دەیانی دیکەش بریندار دەبن ،کەچی پارتی لە کەناڵەکانی راگەیاندن بەخەڵکی سڤیل ناویان دەبات ، گوایە بە سودفە لەوێ کۆبوونەتەوە ، وەك ئەوەی مانگی رەمەزان بێ،و ئەو خەڵکە بۆ تورشیاتی حاجی سەعدی ریزیان بەستبێ ، رۆژنامەی باسەڕە رۆژی دوای تەقینەوەکە لە خوارەوەی لاپەڕە یەك بەسووکی هەواڵەکەی بڵاو کردۆتەوە، و مانشێت و هەواڵی سەرەکیشی تەرخان کردوە بۆ دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم و لە سەر زاری د. مەحمود کە لە هەموو رۆژنامەکانی پارتیدا بڵاو کرابۆوە دەنووسێ ناکرێ دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم وەك سەمبولێك وابێ ، هەر رۆژی دوای تەقینەوەکەش گۆڤاری گوڵان مانشێتی سەربەرگەکەی بە وێنەوە تەرخانکردوە بۆ یەکێتی و دەڵێ: (تۆپەکە لە گۆڕەپانی یەکێتی یە ) وەك ئەوەی ئاگایان لەوە نەبێ کە تۆپەکە لە ماڵی کوردە. بەهەر حال هەموو ئەمانەش فشەنەو سەرەنجام یەکێتی و پارتی هەر ئەبێ رێککەون ، بەڵام ئەوەی فشە نیە ئەوەیە کە هەندێ لە چاودێرانی ئیداری وای بۆ

**دەچن کە لە ئەنجامی تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیدارەساواکەی هەرێمی کوردستان عوسمان دەشتی بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان و (حەمیدئەبوبەکر)یش بکرێتە وەزیری رۆشنبیری، و لەو پلینیومەشدا کە کادیرانی یەکێتی داوای دەکەن بۆ ئەوەیە (ئیسماعیل کوردە) بکرێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، برادەرێکیش گووتی داوەتێکی چاکت دەکەم ئەگەر ناوی منیش بخەیتە نێو لیستی پۆستە تازەکان، بەلآم گووتم خۆ فشە نییە.**